سودانی فەرمانی وەبەرهێنانی گونجاوی گۆگرد و فۆسفات دەکات



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەک کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی گۆگرد و فۆسفات و فەرمانی وەبەرهێنانی گونجاو تێدا کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە ئاژانسی موتەڵع بەدواداچوونی کردووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد تایبەت بە تاوتوێکردنی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی گۆگرد و فۆسفات، بە ئامادەبوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری نەوت و بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پیشەسازی و کانزاکان و پارێزگاری بانکی ناوەندی و ژمارەیەک ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی.

لە میانی دیدارەکەدا باس لە میکانیزمەکان کرا بۆ ئەوەی ئەم دۆسیە بخرێتە سەر ڕێڕەوی ڕاست، و پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی سامانی کانزاکان، کە بە دەماری هەموو جۆرە پیشەسازییەکان دادەنرێت، و وەزیرانی نەوت و پیشەسازی و کانزاکان یەدەگی گۆگرد و فۆسفاتیان لە عێراقدا خستەڕوو.

سودانی فەرمانی کرد کار لەسەر وەبەرهێنانی باشترین لەو سامانە بکرێت، کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئاسایشی ئابووری وڵاتەوە و دەیان ساڵە وەبەرهێنان کردن تێیدا پەکی کەوتووە، هەروەها هەوڵەکانی

بەستنی ئەم کۆبوونەوەیەی بەرزنرخاند بە یەکخستنی بیروبۆچوونەکان بە زۆرکردنی داهاتی دەوڵەت و ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت کار بە هەمەجۆرکردنی داهات و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی دەکات لەپێناو پاڵپشتیکردنی گەشەپێدان لەبوار و کەرتە جیاجیاکاندا.

لەبەشێکی تری دیدارەکەدا بڕیاردرا لیژنەیەک پێکبهێنرێت بەسەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری وزە و ئەندامەتی هەردوو بریکاری تەکنیکی وەزارەتەکانی نەوت و پیشەسازی و کانزاکان، جگە لە فەرمانگەی یاسایی لە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکانی پیشەسازی و نەوت بۆ ئەوەی لەماوەی مانگێکدا ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەن سەبارەت بەدیدگای بەدیهێنانی باشترین وەبەرهێنان لە گۆگرد بەکوالیتی هاوە و فۆسفات.